# لێکدانەوەی شیعری «هەڵۆ»ی سوارە ئیلخانیزادە لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازییەوە

**جەعفەر قارەمانی**[1]

**پوختە**

کارایی گێڕانەوە لە زمانی شیعردا لە کۆنەوە باوبووە و گێڕانەوە، تەنیا تایبەت بە ئەدەبیی چیرۆکی نییە و لە زۆربەی کتێبە کۆنەکانی وەک ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمێرۆس و بەردنووسەکانی گیلگەمێش، گێڕانەوە ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە. لە تاوتوێی شیعری «هەڵۆ»ی سوارە بەو ئەنجامە دەگەین، شیعری هەڵۆ لەگەڵ پێکهاتەی گێڕانەوەیی و ڕوانگەی پێکهاتەخوازەکانی وەک گرێماس گونجاوە و لەم وتارەدا بە کەڵکوەرگرتن لە ڕوانگە و نموونەکانی گرێماس پێکهاتەی ئەو شیعرە شرۆڤە دەکرێت. لەم سەردەمەدا کەمتر ڕەخنەیەک هەیە، کاریگەری و کاردانەوەی بیروڕای پێکهاتەخوازی تێدا بەدی‌نەکرێت. لە لێکدانەوەی ئەو شیعرەدا بەهۆی ئەوەی بنەمای چیرۆکی هەیە، هەر دوو توخمی دەقی گێڕانەوەیی و چیرۆکبێژ بوونیان هەیە و ئەم دوو بابەتە لێکدانەوەیان بۆ کراوە. لەم شیعرەدا بوونی بنەماکانی گێڕانەوەیی ئەم دەرفەتە بە شاعیر دەبەخشێت تا بیروباوەڕی لە فۆرمی دەقی گێڕانەوەیی بۆ خوێنەر بگێڕێتەوە. شیعری هەڵۆ بریتییە لە دیمەن و ڕوانگەی جیاواز و دژواز، یان ئامۆژگاری کە لە ڕاستیدا تیشک دەخاتە سەر پانتاییەکی بەرز و ئاڕمانی لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ و ئەو بابەتە وەک بایەخ بەرز دەنرخێنێت. وێکەوتنی هەڵۆ و قەڵەڕەشە و ئاکار و ڕەوشی جیاواز و دژواز، بابەتی ئەو شیعرە لەخۆدەگرێت. جۆری گێڕانەوەکە ناراستەوخۆ خوێنەر دەخاتە بیرکردنەوە. ڕەوتی چیرۆک لەم شیعرەدا جووڵەکردن لە ئارامی سەرەتایی بەرەو هەڵچوون و پاشان گەڕانەوە بۆ ئارامییە. ئەو چیرۆکە خاوەنی کەسایەتییەکە بە شێوەی کارا کارتێکەری لەسەر ڕۆح و هزری خوێنەر هەبێت. وتووێژ بە شێوازێکی ئەدەبی بەڕێوەچووە و ڕۆڵ، شوێن و پێگەی کەسایەتی هەڵۆ و قەڵەڕەشەی نواندووە و خوێنەر لە دژایەتی هزر و تێڕامانی هەر دوو کەسایەتی چیرۆک ئاگادار دەکاتەوە. ژانری ئەدەبی شیعری هەڵۆ، ئەدەبیاتی فێرکاری لە جۆری هێماخوازییە.

**وشە سەرەکییەکان:** شیعری هەڵۆ؛ پێکهاتەخوازی؛ شیعری گێڕانەوەیی.

**چکیده**

کاربرد روایت در شعر از دیرباز معمول بوده است و در اصل روایت تنها به ادبیات داستانی اختصاص ندارد و در بیشتر آثار کهن جهانی همچون ایلیاد و ادیسه و گیلگمش نقش اصلی داشته است، همین مسئله نقد شعر روایی را حائز اهمیت می‌سازد. در این پژوهش ابتدا دیدگاه ساختارگرایان بررسی شده، سپس براساس نظریه‌ی گریماس ساختار شعر روایی عقاب سواره ایلخانی‌زاده تحلیل شده است. در این شعر از آنجا که بن‌مایه و بنیاد آن را داستان تشکیل می‌دهد، هر دو عنصر متن روایی و حضور راوی وجود دارد. در بحث روایت این شعر روایی باید دو بخش ساختار روایت و چگونگی بیان آن را مورد بررسی قرار داد. وجود عنصر متن روایی و استفاده از عناصر و تکنیک‌های داستانی، این شعر را از جنبه نقد ساختاری و تحلیل عناصر داستانی حائز اهمیت می‌سازد، پس وجود بن‌مایه داستانی در این اشعار، این اجازه را به شاعر می‌دهد تا اندیشه، تفکر، باورها و عقیده‌ها و دردهای خود را در قالب متن روایی برای خواننده بیان کند. شعر عقاب حاوی صحنه‌های عبرت‌انگیزی است که در حقیقت، افقی بلند و آرمانی از ویژگی‌های انسانی را بیان می‌کند. برخورد عقاب و زاغ و منش و سرشت متفاوت و متضاد آنها سراسر این مثنوی را فراگرفته است. روند داستانی در این شعر حرکت از آرامش اولیه به اوج و سپس بازگشت به آرامش است. هدف از انتخاب این شعر، انطباق این نظریات بر شعر روایی و در نتیجه شعر عقاب منطبق با نظریه‌های ساختارگرایان است. این شعر روایی دارای شخصیتی است که به روشی فعال تأثیر بر روح و اندیشه‌ی خواننده خواهد گذاشت. گفتوگو به روشی ادبی انجام شده و نقش و پایگاه شخصیتی عقاب و زاغ را نشان می‌دهد و خواننده را از اندیشه‌ی متضاد و مخالف هر دو شخصیت آگاه می‌سازد. نوع ادبی این شعر ادبیات تعلیمی از نوع تمثیلی است.

**واژگان کلیدی:** شعر عقاب؛ ساختارگرایی؛ شعری روایی.

---

1 ghahjefer@gmail.com



Kurdishbookhouse.com

## ١- پێشەکی

هەر لە کۆنەوە کەڵک‌وەرگرتن و بەکارهێنانی شێوازی گێڕانەوە لە شیعردا باو بووە و گێڕانەوە تەنیا تایبەت بە چیرۆک نییە و هەر ئەو تایبەتمەندییە ڕەخنەی شیعری گێڕانەوە**یی** بەرز دەنرخێنێت. گێڕانەوە، گرێدراو بە کۆنترین دەقەکانی جیهانییە و لە زۆربەی کتێبە کۆنەکانی وەک ئیلیادوئۆدیسەی هۆمێرۆس و بەردنووسەکانی گیلگەمێش و هتد، ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە. بوونی توخمی دەقی گێڕانەوەیی و کەڵک‌وەرگرتن لە توخم و شێوازەکانی گێڕانەوەیی لە چیرۆکدا بە شیعری گێڕانەویی لە ڕووی ڕەخنەی پێکهاتەیی گرنگییەکی تایبەت دەبەخشێت و ئەو دەرفەتە بە شاعیر دەدات تا بیرۆکەی تێڕامان، باوەڕ و هزر و ئێش و ژانەکانی خۆی لە چوارچێوەی دەقی گێڕانەوەیی بۆ خوێنەر بگێڕێتەوە.

### ١-١- پێکهاتەخوازی و ڕوانگە پێکهاتەخوازەکان

لە دەقە ڕەخنەییەکانی ئەو سەردەمەدا کەمتر ڕەخنەیەک هەیە کاریگەری و کاردانەوەی بیروڕای پێکهاتەخوازەکانی تێدا بەدی‌نەکرێت. لێکدانەوەی پێکهاتەیی، بەتایبەت لە بواری بەرهەمەکانی گێڕانەوەیی، وەک یەکێک لەسەرسووڕێنترین دەستکەوتەکانی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ دەستنیشان دەکرێت. زاراوەی «گێڕانەوەناسی» یەکەمجار تێزڤیتان تۆدۆرۆف[1] بەکاری هێنا و لە ڕاستیدا دەبێت ئەو بە داهێنەری ئەو زاراوەیە بناسرێت. دەکرێت گێڕانەوەناسی لقێک لە نیشانەناسی پێناسە بکرێت، کە هەوڵ‌دەدات تا پێکهاتە و پەیوەندییە ناوەکییەکانی نیشانەکان لە دەقدا بدۆزێتەوە. تۆدۆرۆف ئەو زاراوەیەی لە کتێبی *بوتیقای* خۆیدا پێشنیار کرد و ژرار ژنت[2] لە ساڵی ١٩٨٣ ز. لە وتاری *وتەی نوێی گێڕانەوەیی* چیرۆکی دا ئەم زاراوەیەی پێناسەکرد (سیدحسینی،١٣٨٧: ١١٥٩). پێکهاتەخوازی بیروڕایەکە کە بە لێکدانەوەی دیاردەکان لەسەر بنەمای یاسا و نەریت و نموونەگەلێک کە پێکهاتەی بنەڕەتییانی خوڵقاندووە، سەرنج دەدات. ئەو شێوازە بابەت و لقە جۆراوجۆرەکانی زانستی و دیاردەکانی هەبوو لەواندا وەک کۆمەڵێکی پێک‌هاتوو لە توخمەکانی پێک‌گرێدراو پێناسە دەکات. تایبەتمەندیی ئەو شێوازە لەوەدایە کە توێژەران دیاردەکانی جۆراوجۆری زانستی خۆیان بە شێوەی سەربەخۆ و جیاواز لە یەکتر لێک‌نادەنەوە؛ بەڵکوو هەردەم هەوڵ‌دەدەن دیاردەیەک لە پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵێک لە دیاردەکانی تر کە بەشێک لە پێکهاتەیانی ئافراندووە، شرۆڤە بکەن (بالاییوکوییپرس، ١٣٧٨: ٢٦٧). لە ڕاستیدا پێکهاتەخوازەکان بە شوێن دیتنەوەی پێکهاتەگەلێکی یەکدەست لە ئاستی جیهانی بۆ جۆرەکانی جیاوازی گێڕانەوەن، بە شێوەیەک کە کاریگەری لەسەر جۆرەکانی جیاوازی گێڕانەوەیی هەبێت. ڕەنگە بکرێت گێڕانەوە ساکارترین شێواز بۆ دەربڕینی دەقێک پێناسە بکرێت کە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە و چیرۆک‌بێژی هەیە. یەکەمجار پێکهاتەخوازەکانی رووس، دوو بەشی گێڕانەوەیان لە یەک جیاکردەوە و هەر گێڕانەوەیەکیان پێک‌هاتوو لە دوو ڕووکار ناساندووە: یەکەم: چیرۆک و دووهەم: گەڵاڵە. بە بڕوای ئەوان چیرۆک کۆمەڵێک ڕووداوە لەسەر بنەمای بەردەوامی و یەک لە دوای یەک هاتنی زنجیرەیەکی زەمەنی پێک‌گرێدراو. گەڵاڵە ئافراندنەوەی هونەری ڕووداوەکانە لە دەقی گێڕانەوەییدا (مکاریک،١٣٨٤: ٢٠١ و اخوت،١٣٧١: ١٥). توێژینەوەی ئەو گرووپە لە بواری گێڕانەوەدا ڕۆڵێکی دیار و شیاوی لەسەر پێشکەوتنی بیرۆکەی گێڕانەوەناسی بووە.

---

1 TzvetanTodorof

2 Gerard Genette.



Kurdishbookhouse.com

گەڵاڵە، سەرەکیترین توخمی گێڕانەوە و گرنگترین بەشێک لە شی کردنەوەکانی پێکهاتەخوازەکان لە بواری جۆرەکانی دەقی گێرانەوەییە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. چیرۆک، بەردەوامی و بە دوای یەک هاتنی بەرەودوایی[1] زەمەنی ڕووداوەکانە و گەڵاڵە، گێڕانەوەی ڕووداوەکانە بە پاڵپشتی پەیوەندییەکانی هۆ و بەرهۆ (فورستر،١٣٨٤: ١١٨). بەپشتبەستن بەم سەرەتایە گەڵاڵە بنەمای گێڕانەوە پێک دەهێنێت؛ چونکە سەببیەتی زەمەنی و پەیوەندیی هۆ و بەرهۆ لە نێوان ڕووداوەکان وەک ئاڵقەیەکی نادیار، ڕووداوەکانی چیرۆک پێک گرێ دەدات (مستور، ١٣٨٧: ١٤ و داد، ١٣٨٣: ٢٧٤) . یەکەم گێڕانەوەناس کە لە ڕیبازیی پێکهاتەخوازیدا بە تاوتوێ کردنی تەواو جۆرەکانی گێڕانەوە پلانێکی نوێ و گشتی ئاراستە کرد، ولادیمیر پراپ بووە. گرنگترین بەرهەمی پراپ لەم بوارەدا «*مۆرفۆلۆجیی چیرۆکی پەریێکان*» نە. توێژینەوە و پرسیارەکانی پراپ لە بواری کۆمەڵە چیرۆکەکانی فۆلکلۆری رووسی، یەکێک لە بەنرخترین توێژینەوەکانی پێکهاتەخوازەکان لە بواری چیرۆک دایە و وەک نموونە بۆ زۆربەی پێڕەوانی ئەو ڕێبازە ئەدەبییە، بەتایبەت گرێماس کەڵکی هەبووە (پراپ، ١٣٦٨: ١٦٢). ئالێژ یرداس ژولین گرێماس، نیشانەناسی لیتوانیایی لە دایک بووی ١٩١٧ ز. ناسیاوترین نیشانەناسی ئەو سەردەمەیە، گێڕانەوەناسێکی پێکهاتەخوازە کە لە بواری گێڕانەوەناسی زۆر توێژینەوەی لەسەر نموونە ناسراوەکان بە مەبەستی شی کردنەوەی جۆرەکانی جیاوازی گێڕانەوە، بە ئەنجام گەیاندووە. گرێماس دوای بلاوکردنەوەی *واتاناسی پێکهاتەیی* لە ساڵی ١٩٦٦ز. وەک ناسراوترین تیۆریزانی نیشانەناسی ناسرا. لە نێوان ڕێبازە ئەدەبییەکان، پێکهاتەخوازی زیاتر گرێدراو بە گێڕانەوە بووە و پێکهاتەخوازەکان توێژینەوەی زۆر بەربلاویان لە بواری گێڕانەوە کردووە.

ئەم توێژینەوەیە بە کەڵک وەرگرتن لە ڕوانگە و نموونەکانی نووسەری ناسراوی پێکهاتەخوازیی، گرێماس پێکهاتەی شیعری «هەڵۆ» ی سوارە ئیلخانی‌زادە شرۆڤە دەکات. لە لێکدانەوەی گەڵاڵەی گێڕانەوەیی ئەو شیعرە، بەهۆی ئەوەی بنەمای چیرۆکی هەیە، هەر دوو توخمی دەقی گێرانەوەیی و چیرۆک بێژ بوونیان هەیە. لە بابەتی گێڕانەوەیی ئەو شیعرەدا دەبێت ئەو دوو توخمە، واتە پێکهاتەی گێڕانەوەیی و چۆنێتی دەربڕین شی بکرێتەوە.

---

[1] Sequence



Kurdishbookhouse.com

### ٢- پرسیارەکانی توێژینەوە

١. ئاخۆ شیعری هەڵۆ لەگەڵ ڕوانگە و بۆچوونی گرێماس خوێندنەوەی هەیە؟

٢. پێکهاتەی شیعری گێڕانەوەیی هەڵۆ بەپێی ڕێبازیی پێکهاتەخوازی بە چ شێوەیەکە؟

### ٣- پێشینەی لێکۆڵینەوە

لە ئەدەبیاتی کوردیدا، تاکوو ئێستا بەم شێوازە لێکۆڵینەوەیەک بە شێوەی زانستی- توێژینەوەیی لەسەر لێکدانەوەی پێکهاتەی شیعری گێڕانەوەیی «هەڵۆ» ی سوارە بەپێی شێوازی پێکهاتەخوازی ئەنجام نەدراوە. دەکرێت ئەم توێژینەوەیە وەک یەکەم توێژینەوە دەستنیشان و پێناسە بکرێت.

### ٤- لێکدانەوەی پێکهاتەی شیعری هەڵۆ

دووپاتبوونەوەی واتا لە مێژینەکان بەو مەرجەی بە شێوازێکی هونەری - ئەدەبی و نوێ بێت، تەنیا تۆزێک لە بایەخی بەرهەمی ئەدەبی دووپاتکراو کەم ناکاتەوە. نموونەی ئەو جۆرە دووپاتبوونەوەیە لە ئەدەبیاتی جیهانی، بەتایبەت ئەدەبیاتی کوردی زۆرە. یەکێک لەو بەرهەمانەی بە کارتێکەری بەرهەمەکانی پێشوو جارێکی تر دووپاتبووەتەوە شیعری گێڕانەوەیی «هەڵۆ» یە. سەرەتای ئافراندن و پێناسەی ئەو شیعرە بۆ ئەدەبیاتی ڕووسی و چیرۆکی ***کچی سەروان*** نووسراوەی پووشکین دەگەڕێتەوە. خانلەری مامۆستای ناسراوی ئەدەبی فارسی لە ساڵی ١٣١٨ هەتاویدا هۆنراوەی هەڵۆی بە کاریگەری لەو چیرۆکە هۆنیوەتەوە. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە خانلەری ئەو شیعرەی بە چاولێکەری لە شیعری *قەڵەڕەشە و بازی سپی* هۆنراوەی شاعیری ناوداری ئەدەبیاتی فارسی عونسوری کە لە سەدەی پێنجی کۆچیدا ژیاوە، هۆنیوەتەوە (یوسفی، ١٣٧١: ٦٨٧). هاودەنگ لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسی، لە ئەدەبیاتی کوردیشدا هەژار موکریانی وەک یەکەم شاعیر شیعری بەناوبانگ و پڕواتای «هەڵۆ هەر بەرزە» ی بە دونیای شیعر و ئەدەبی کوردی پێناسە کردووە. شیعری «هەڵۆ» وەک یەکێک لە شاکارە ئەدەبییەکانی سەدەی هاوچەرخ ناسراوە، هۆنراوەیەکی هێمایی کە لەسەر بنەمای وتوویژی قەڵەڕەشە و هەڵۆ پێکهاتووە. مامۆستا هەژار لەو شاعیرانەیە بە لایەنی گێڕانەوەیی شیعر سەرنجی داوە و گێڕانەوە و چیرۆکبێژی لە شیعرە گێڕانەوەیەکانیدا بە شێوەیەکە کە بە کەڵکوەرگرتن لە پێکهاتەی گێڕانەوە، وتوویژ و ڕوانگە و ناساندن، وێنەیەکی جیاوازی ئافراندووە.

دوای مامۆستا هەژار لە ئەدەبیاتی کوردیدا جارێکی تر بە بیری ناسک و پێنووسی خوڵقێنەری شاعیری نوێخوازی موکریانی سوارە ئێلخانیزادە شیعری «هەڵۆ» نوێبوونەوەیەکی دووبارەی بەخۆوەدیت. سوارە بە چاولێکەری و کاریگەری شاعیرانی هاوچەرخ، زۆر پسپۆڕانە دەقی جووتسەرواي «عقاب» ی خانلەری و «هەڵۆ هەر بەرزە» ی مامۆستا هەژاری بە زمانی کوردی داڕشتەوە. ئەوەی هەر لەسەرەتا سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، ئەم مژارەیە کە خوێنەر لە بەراوردی دەقی سەرەکیی شیعری «عقاب» و «*پیرە هەڵۆ*» هەست بەم جیاوازییە دەکات کە سوارە بۆ پێداگری لەسەر بابەتێکی دیار چەند دێڕێکی بە دەقی هۆنراوەکە زیادکردووە. لەم شیعرەدا شیکردنەوە و گۆڕانکاری بەهۆی شیاوبوونی بەستێنی دەقی گێڕانەوەیی هۆنراوەکە ئەنجام دراوە، کە لە کاتی وەرگێڕانی دەقێک ئەو دەرفەتە بۆ وەرگێڕ دەڕەخسێت، هەر بابەتێک کە بە پێویستی بزانێت بە دەقی سەرەکیی بە مەبەستی جەختکردن لەسەر بابەتێکی دیار بە



Kurdishbookhouse.com

بابەتی سەرەکیی زیاد بکات؛ بۆ نموونە، لەسەرەتای ئەو شیعرەدا بابەتی زیادکراو بە شیعری «هەڵۆ» زۆر زوو هەست دەکرێت. ئەو چەند دێڕە لکێندراوەی سەرەتای هۆنراوەکە لە زانستی جوانکاریدا بە ڕازەی سەرەتای پڕواتا (براعت استهلال) ناسراوە. خوێنەر تەنیا بە خوێندنەوەی ئەو چەند دێڕە واتا و ناوەڕۆکی گشتی و پەیامی سەرەکیی هۆنراوەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە. ناوەڕۆکی ئەو چەند دێڕە زیادکراوەی سەرەتای شیعرەکە بریتییە لە: وەسفی وەرزی سارد و ڕەنگ‌زەردی پاییزە کە هێمای لە ناوچوون و سەرەتای مردنی بێ‌دەنگی سروشت و وەسفی ترس و دڵەڕاوکەی بیرکردنەوە لە مردن و گریان بۆ تەمەنی لە دەست چوویە. لەم وەسفەدا هەتاو هاوئاهەنگ و هاودەنگ لەگەڵ مردنی سروشت، کز و سەرسووڕماو و کروشەمەکردوو، پەیکەری لەش‌بەباری بۆ سووچێکی پانتای بێ‌سنووری ئاسمان دەکێشێت و وێنەیەکی لپاولپ لە بێ‌هێزی وێنا دەکات:

| | |
|---|---|
| پـــــاییزە، دار و دەوەن بێ‌بەرگـــــــە | دڵ پەشـــۆکاوی خەیـــاڵی مەرگـــە |
| هەر گەڵایــێ کــە لــە داریٚ دەوەریٚ | نووســـراویکە بـــە نـــاخۆش خەوەریٚ |
| تــاو هەنــاوی نییــە وا مــات و پەشـێو | لەشـــی زامـــاری دەکێشـــێتە نشـــێو |
| ڕۆژپەرە، ســاردە کــزەی بــای زریــان | کاتــە بــۆ ژینــی لە دەس چــوو، گریــان |

لە کۆتایی ئەم هۆنراوەیەدا، دێڕێکی لکێندراوی ناوازەی تر دەستنیشان دەکەین کە شاعیر بۆ ئامۆژگاری شیعرەکەی پێ‌کۆتایی هێناوە. دەتوانین بڵێین ئەو دێڕە لە دەقی فارسی هۆنراوەی «عقاب» ی خانلەریدا نییە. بەپێی زانستی جوانکاری ئەو دێڕە بە ڕازەی جوانی کۆتایی ناسراوە و بریتییە لە:

| | |
|---|---|
| «لای هەڵـۆی بەرزە فـڕی بەرزەمـژی | چۆن بژی خۆشە[1] نەوەک چەندە بژی» |

**٤-١- گرێماس توخمەکانی گێڕانەوە لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی لێکدژی کە لەگەڵ یەک هەیانە، لە شەش خاڵدا دابەش دەکات:**

٤-١-١- پاڵەوان «قارەمان» (بکەر) ٢. بابەتی ناساندن (بەرکار)

٤-١-٢- بنێری پەیام ٤. وەرگری پەیام

٤-١-٣- یارمەتیدەر ٦. نەیار ، یان دژ

پاڵەوان: قارەمانی دەقی گێرانەوەییە و بە بۆچوونی گرێماس بڕێک‌جار وەرگرە و بڕێک‌جار وەرگر نییە.

بابەت: ئامانجێکە بۆی تاریف دەکرێت.

نێرەر«گەیێنەر»: مرۆیەک، شتێک، یان هەستێکە بابەتێکی ناسراو و دەستنیشان‌کراو بە قارەمان دەگەیەنێت.

وەرگر: زۆرجار قارەمانە، بابەتێک کە ئامانجی ئەوە وەری‌دەگرێت و بە شوێن ئەودا دەڕوات.

یارمەتیدەر: هێزێکە یارمەتی پاڵەوانی چیرۆک دەدات، تا بە ئامانج بگات.

نەیار: هێزێکە لە گەیشتنی قارەمان بە ئامانج، بەرگری دەکات. بە واتایەکی‌کە، کەسایەتی سەرەکیی بە شوێن وەدەستهێنانی مەبەستێکی تایبەتە و لەگەڵ خۆڕاگری نەیار ڕووبەڕوو دەبێت، هێزێکی خۆڕاگر «بنێر» ئەو بۆ ئەنجامی

---

١. ئەم باڵە ئاواش هاتووە: «چۆن بژی شەرتە...».



Kurdishbookhouse.com

کردەوەیەک دەنێرێت، ئەو ڕەوتە وەرگرێکیشی هەیە (مکاریک،١٣٨٤: ١٥٢). یارمەتیدەر و نەیار بێ گومان نابێت مرۆڤ بن؛ بەڵکوو بیر و هزر، هەست، هێز، یان بێ‌هێزی و دەسەڵات و بێ‌دەسەڵاتی دەتوانێت وەک یارمەتیدەر و نەیار لە گێڕانەوەدا بوونیان هەبێت و یارمەتیدەری قارەمان بن، یان لە گەیشتنی قارەمان بە ئامانج، بەربەست دروست بکات. هەروەها نێرەر زۆرجار هەست، یان تایبەتمەندییەکی زاتییە و بە شێوەیەکی سرشتی لە هەموو مرۆڤەکان بوونی هەیە و سەرچاوەی زۆرێک لە هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە جۆراوجۆرەکانە. بەبۆچوونی گرێماس جاری وایە هەر شەش توخمی گێڕانەوەیی لە دەقێکی گێڕانەوەییدا بوونیان هەیە و جاری واشە تەنیا بەشێکی دیاری‌کراو بوونیان هەیە.

**٤-٢- گرێماس توخمەکانی گێڕانەوەیی لەسەر بنەمایەک کە هەرکام پەیوەندییان بە بابەتێکی تایبەتە هەیە، بە سێ لقی سەرەکیی دابەش دەکات:**

٤-٢-١- پەیوەندیی ویست و ئارەزوو.

٤-٢-١- پەیوەندیی کەسایەتییەکان لەگەڵ یەک.

٤-٢-١- پەیوەندیی شەر (احمدی،١٣٨٠: ١٦٣).

هەر وەک ئاماژە کرا، گرێماس توخمەکانی گێڕانەوەیی لەسەر بنەمای پەیوەندیی و دژایەتییەکی دوولایەنە کە لەگەڵ یەک هەیانە بنیات دەنێت، ئەو پەیوەندییە دوولایەنانە بریتین لە سێ جۆری: ١. دژیەک ٢. لێکدژ ٣. دژ.

لە پەیوەندیی دژیەک: هەرکام لە کەسایەتییەکان و زۆرجار واتاکان پێشێلکەری بوونی یەکن.

پەیوەندیی لێکدژ: پەیوەندییەکە هەبوونی یەک تاک، یان واتا، هۆی نەبوونی تاک، یان واتاکەی بەرامبەری بێت و ئەو دوولایەنە نەتوانن لەگەڵ یەک تەبابن.

لە پەیوەندیی دژ: هەرکام لەو کەسایەتییانە کە ڕووبەڕووی یەک جێیان‌گرتووە، بۆ دروست‌کردنی بەربەست بۆ بە ئامانج نەگەیشتنی یەکتر هەوڵ دەدەن (اخوت، ١٣٧١: ٦٥).

بەپێی بیرۆکەی گرێماس لە زۆربەی چیرۆک و گێڕانەوەکاندا، ڕووبەڕووبوونەوەکانی دوولایی لە جۆری دژیەک و لێکدژە، وەک: مردن و ژیان، زانایی و نەزانی، جوانی و ناحەزیی و هتد. بەپێی ئەم بیرۆکە و بنەمایە، دەقەکانی گێڕانەوەیی بەبێ بوونی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە هیچ تاموچێژ و گڕوتین و وورووژەیەکی بۆ خوێنەری خۆی پێ‌نابێت. هەرچی ژمارەی ئەو پەیوەندییانە لە دەقی گێڕانەوەییدا زیاتر بێت، ڕادەی ڕاستەقینەبوونی ئەوان زۆرتر دەبێت؛ چونکە بوونی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە لە دەقی گێڕانەوەییدا، لاسایی‌کردنەوەیەکە لە دونیای ڕاستەقینە. کەوابوو دەکرێ بکوترێت ئەو دەرفەتە بۆ ئەو دەقانە (چیرۆک و دەقی گێڕانەوەیی) هەیە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ژیان لەگەڵ یەک هەڵبسەنگێنن و لەناو یەکدا تێکەڵیان بکەن و لێکیان بدەنەوە.



Kurdishbookhouse.com

**٤-٣- گریماس بەرەودوایی[١] پێکهێنەری گێڕانەوەی بە سێ لقی سەرەکیی دابەشکردووە:**

٤-٣-١- زنجیرەی بەڕێوەبردنی: کە بە بوار ڕەخساندنی ئەرکەکان، ڕۆڵە تایبەتەکان، کردەکان، یان بەڕێوبردنی ئەنجامی کردەوەیی گرێدراوە.

٤-٣-٢- زنجیرەی پەیمانی: ئەرکێک دەخرێتە سەر دەقی گێرانەوەیی «دۆخی چیرۆک بەرەو ئامانجێک ڕێنوێنی دەکات» وەک هەڵسان بۆ ئەنجامدان «بەڕێوەبردنی»، یان بەڕێوەنەبردنی کارێک.

٤-٣-٣- زنجیرەی دابڕان، یان ڕاگوێزراو: زنجیرەیەک ڕێنوێنی لەسەر گۆڕانکارییەکانی بارودۆخ، یان دۆخێک دەکات کە هەڵگری گۆڕینی فۆرمەکانی جیاواز و جۆراوجۆرە «لە ئەرێنییەوە بەرەو نەرێنی، یان پێچەوانە» (اخوت، ١٣٧١: ٦٦).

زنجیرەی بەڕێوەبردنی، تانوپۆی سەرەکیی چیرۆک دەئافرێنێت و پێکهاتەی گێڕانەوەی چیرۆک پشتی بەو بەستووە، بەڵام لە ڕوانگەی مێتۆدۆلۆژیکییەوە، زنجیرەی پەیمانی، یان ئامانجدار لەو گرنگترە، چونکە دەردەخات دۆخەکان لە خودی خاڵی ناوەندیی تانوپۆدا نین؛ بەڵکوو ئەوەی ئێمە بە «دۆخ» ی ناودێر دەکەین، بە واتای پەسەندکردن، یان ڕەتکردنەوەی پەیمانە. بە بۆچوونی گریماس زۆربەی چیرۆکەکان، لە دۆخێکی نەرێنی بەرەو دۆخێکی ئەرێنی لە گۆڕان دان، یان بە پێچەوانە. هەروەها گریماس بۆ ڕۆڵە تایبەتییەکانی دەقی گێرانەوەیی سێ ڕۆڵی بە شیاو زانیوە کە بریتین لە:

١. پەیمانی؛ ڕۆڵی بەڵێندەری پەیمان و ئەوی تر ڕۆڵی دانەری پەیمان لە ڕۆڵێکی تایبەتدا.

٢. تاقیکردنەوە؛ ڕۆڵی تاقیکەرەوە و ئەوی تر ڕۆڵی بەڕێوبەری تاقیکردنەوە لە ڕۆڵێکی تایبەتدا.

٣. داوەری؛ ڕۆڵی بابەتی داوەری و ئەوی تر ڕۆڵی داوەری وەردەگرێت.

بەپێی ڕوانگەی گریماس هەر گێرانەوەیەک لە چەند لێکدانەوەی جیاواز پێکهاتووە کە کۆی ئەوان، بەرەودواییەک لە چیرۆک دروست دەکەن. گریماس ئەو لێکدانەوانەی بە سێ لقی گشتی دابەشکردووە:

١. گوزارە و شرۆڤەی وەسفی: دۆخێک و پێگەیەک پێناسە و شیدەکاتەوە.

٢. گوزارە و شرۆڤەی بارودۆخ: دۆخێک دەستنیشان و وێنا دەکات.

٣. گوزارە و شرۆڤەی تێپەڕ: بە ئەنجامدانی ئیشێک ئاماژە دەکات (اسکولز، ١٣٨٣: ١٤٧).

## ٥- شیکردنەوەی پێکهاتەیی شیعری گێڕانەوەیی «هەڵۆ»

### ٥-١- کورتەیەک لە شیعری هەڵۆ

هەڵۆ لەوەی دەوری لاوی بەسەر چووە، خەمبارە و لە ناخۆشترین دەوری ژیان، واتە پیری و نزیکبوونەوە لە مردن دایە. بۆ ڕزگاربوون لەو جۆرە بیر و هزرە ناخۆش و ئاڵۆزانە کە مێشکی تەنیوە، هەڵدەفرێت و هێلانە جێدێڵێت. هەڵفرینی هەڵۆ بەرامبەرە لەگەڵ کاردانەوەی بوونەوەرانی سەر عەرز کە هەرکام لە ترسی گیانیان لە کون و قوژبن خۆیان حەشاردەدا. لە بەرامبەر هەڵۆی بەرزەفڕ، باس لە قەڵەڕەشە دەکرێت، قەڵەڕەشەیەکی ناحەز و نارێک و گەندەڵ

---

٣. پی رفت



Kurdishbookhouse.com

کە دەورووبەری ئاواییەکان شوێنی حەسانەوە و ژیان بەسەربردنێتی. هەڵۆ کە بۆ چارەسەری تەمەنکورتی بە شوێن دیتنەوەی ڕازی ڕزگاربوون لە مردنە، کاتێک قەلەڕەشەی هەڵنیشتوو لەسەر دار دەبینێت، لە ئاسمانەوە خێرا و بەپەلە بەرەو قەلەڕش شۆردەبێتەوە و دەڕوات و بە ناچاری پەنای بۆ دەبات. بارودۆخی قەلەڕەشە لە بەرامبەر هەڵۆ و هەڵسوکەوتی شیاوی سروشتێتی. قەلەڕەشە بەرامبەر بە هەڵۆ دەستەونەزەر ڕاوەستا، بەڵام لە ناخیدا بیر لە بابەتێکی تر دەکاتەوە. هەڵۆ بەهۆی پیری و ترسی بیرکردنەوە لە مردن، بە کزی و خەمناکی دێتە قسە و بە زمانێکی ساکار و چارەلێبڕاو ئەوەی لە بابی سەبارەت بە تەمەندرێژی قەلەڕەشە بیستبووی، دەگێڕێتەوە و ڕازی تەمەندرێژییان لێدەپرسێت. هەڵۆ بەڵێن بە قەلەڕەشە دەدات کە قسەکانی وەرگرێت، پاشان قەلەڕەشە، هەڵۆ بۆ شوێنێکی پیس و بۆگەنیوی قەراخئاوایی ڕێنوێنی دەکات، شوێنێکی پڕ لە کەلاکی بۆگەنیو و پەینوپاڵ. قەلەڕەشە هەر دەگاتە ئەو شوێنە دەست بە خواردنی ئەو کەلاکانە دەکات و ناڕاستەوخۆ داوا لە هەڵۆ دەکات دەست لە ڕاو هەلگرێت و ئەو جۆرە خواردنە هەڵبژێرێت. هەڵۆ بە بینینی ئەو شوێنە و ئەو جۆرە خواردن و ژیان بەسەربردنە بێزارییەکی تەواو، بیری و هۆشی دەتەنێت. لەم شوێندا ئاسەوارێک لەو هەموو گەورەیی و شکۆیەی لە ئاسمانی بەریندا بووی، نابینێت. هەڵۆ لەم دووڕێیە ڕامابوو، کامیان بگرێتە بەر و کامیان هەڵبژێرێت. لەلایەک تەمەنی درێژ و خواردنی کەلاکی بۆگەنیو، لەلایەکیتر، تەمەنی کورت و بەرزەفڕین و ژینی بە ئازادی و سەربەرزی. ئەو چەشنە بیرکردنەوانە ناخی هەڵۆی دەهەژاند، بۆیە لە پڕ بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێت و قەلەڕەشە تووشی سەرسووڕمان دەکات. لە ئەنجامدا هەڵۆ سەربەرزانە لە پانتایی ئاسمانی چارەنووسدا بۆ هەتاهەتایە نوقم دەبێت.

هەڵۆ لەم هۆنراوەیەدا هێمای مرۆڤێکی سەربەست و تەمەنکورتە و بۆ تەمەنی درێژ و هەرمان هەر جۆرە سەرشۆڕییەک وەرناگرێت. بە پێچەوانە قەلەڕەشە هێمای مرۆڤێکی گەندڵە کە تەمەنی درێژ و بێبایەخی هەیە. بە واتایەکیتر، لە دەقە ئەدەبییەکاندا هەڵۆ بە هێمای بایەخی ڕاوەستاو، وێنەیەکی ڕوو لەگەشە و زیندوو لەو تاکانەی گیانیان لە ڕێی بایەخە پیرۆزەکان دەبخشن و تەمەنی کورت و پڕ لەسەربەرزی بە سەر تەمەنی درێژ، بەڵام بێکەڵک و بێبایەخ بەرز دەنرخێنن، ناسراوە. هەڵۆ ژیانی لە گەنداو هەڵنابژێرێت و بیروباوری کەمژی و کەڵبژی وەک پەیامێک بە هۆگران و ڕێبوارانی ڕێگەی ئازادی دەگەیەنێت و بەرەو ئاسمانی بەرز دەفڕێت و خوازیارە دوای مردنیش کفنەکەی هەوری سپی ئاسمان بێت. ئەو وێنەیەی لە خوێندنەوەی شیعری هەڵۆ لە مێشکماندا وێنا دەبێت، دوو جۆرە ژیانی دژیەکی هەڵۆ و قەلەڕەشەیە کە لە ڕاستیدا هێمایەکن لە دژایەتی بەردەوامی چاکە و خراپە، جوانی و ناحەزی، ڕووناکی و تاریکی و بەرزی و نزمی. لەم شیعرەدا شاعیر، خوازیاران و خاوەنانی دونیا بە تۆپیوخۆر دەشوبهێنێت. لە ڕاستیدا دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی هۆگرانی دونیا -کە قەلەڕەشە هێمای ئەو تاقمە مرۆڤانەیە- گەندەخۆری و سەرشۆڕییە.

**٦- شیکردنەوەی پێکهاتەی شیعر هەڵۆ بەپێی ڕوانگەی گریماس**

**٦-١- بەپێی ڕوانگەی گریماس، تەواو کاراکان لەم شیعرە گێڕانەوەییەدا بوونیان هەیە و بریتین لە:**

٦-١-١- قارەمان، هەڵۆیە: لەم شیعرە گێڕانەوەییەدا قارەمان، هەڵۆیە و بۆ گەیشتن بە ئامانج، واتە دیتنەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ڕزگاربوون لە مردن و تەمەنکورتی، هەوڵدەدات.



Kurdishbookhouse.com

٦-١-٢- بنێری پەیام، هەستی هەڵۆیە: هێزێک هەڵۆ بە شوێن ئامانج هاندەدات. ئاواتی هەڵۆ دیتنەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ئازادییە و ئەو وردبوونەوەیە لە ناخییەوە سەرچاوە دەگرێت.

٦-١-٣- یارمەتیدەر، ڕاوێژ و وریایی هەڵۆیە: کە بۆ گەیشتن بە ئامانج، هەڵۆ یارمەتی دەدات تا لە نێوان ژیانی سەربەست لە ئاسمان و ژینی پەست و ناحەزی وەک قەڵەڕەشە، هەڵفڕین، هەڵبژێرێت. بابەتی ناسین: دیتنەوەی ڕێگەیەک بۆ تەمەندرێژی و ڕزگاربوون لە مردنە.

٦-١-٤- وەرگر، هەڵۆیە: ئەوەی لە درێژەی ئەم ڕووداوەدا دەیبینێت، دەبێت ئەزموون و پەندی لێوەربگرێت (مردن، یان جۆری ژیانی وەک قەڵەڕەشە) و هێزی دژبەر حەزی دەروونی هەڵۆیە (تەمەندرێژی).

ئەو شیعرە گێڕانەوەییە دوو جۆرە پەیوەندیی دوولایەنەی مردن و ژیان دەستنیشان دەکات؛ یەکەم: پەیوەندیی لە جۆری دژیەک، واتە بوونی یەکیان هۆی لەناوچوونی ئەوی ترە. بە هاتنی مردن، ژیان کۆتایی پێدێت.

دووهەم: پەیوەندیی لێکدژی ژیانی هەڵۆ، بەرامبەر بە ژیانی قەڵەڕەشە کە لە جۆری پەیوەندیی لێکدژە، چونکە ئەو دوو جۆرە ژیانە لەگەڵ یەک تەباییان نییە و یەک ناگرنەوە. هەڵۆ بە هەڵفڕین و پشت لە بیرۆکەی قەڵەڕەشە وەک دوایین ئامۆژگاری بڕیاریدا تەمنیکورت و بە سەربەرزی مردن هەڵبژێرێت و دواکارە دوای مردنیێ هەوری سپی ئاسمان ببێت بە کفنی.

| | |
|---|---|
| هەوری ئاسمان بێ خەڵاتم باشە | یا لەشم خاشە بکێشن باشە؟ |

قەڵەڕەشە لەسەر پەینوپاڵی قەراخ ئاوایی دەژیا و خواردنیشی کەرەتۆپیو و کەلاکی گوێلکی مندارەوەبوو بووە، بۆیەش تەمەنی درێژە. ئەو چەند دێڕە وەسفێکی پڕواتا لە جۆری ژیانی بێبایەخی قەڵەڕەشە وێنا دەکات.

| | |
|---|---|
| پەین و پاڵێ کە لە پاڵی دێیە | مەنزڵی نۆکەری خۆتی لێیە |
| کەرەتۆپیو و کەلاکی گوێلک | هەڵمی دڵ ڕوونکەرەوەی سەرگوێلک |

بابەتی دەستنیشانکراو لەم شیعرە گێڕانەوەییەدا بەپێی پەیوەندیی لێکدژ و دژیەک، ئەرێنی و ئەخلاقییە و لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مردن، ڕێگەی دەربازبوون و ڕزگاری نییە.

**٧- لێکدانەوەکانی گێڕانەوەیی بە سێ جۆر دابەش دەبێت:**

٧-١- لێکدانەوەی وەسفی: هەڵۆ باڵندەیەکی بەرزەفڕە و لە ئاسماندا دەژی (وێناکردنی بارودۆخی ژیانی هەڵۆ).

| | |
|---|---|
| هاتەوە بیری هەڵۆ، ڕابردووی | پاکی بووژانەوە یادی مردووی |
| گوڵ کرا ڕایەخ و پایەندازم | چەندە ئاژوا لەشی کێو، ئاوازم |
| چەندە ڕوانیمە زەوی لەو بانە | کێو و دەشت لەو سەرەوە چەن جوانە |
| چەن چکۆلەن پەلەوەر لەو بەرزە | ئاخ! کە چەن خوێڕی گرە ئەم عەرزە |
| چەندە ڕاوی کەو و کەوبارم کرد | دوژمنیی تاقمی شمقارم کرد |
| کۆلکەزێڕینە، وەکوو تاقی زەفەر | ئاسمان بۆ منی بەست، کاتی سەفەر |
| حەوتەوانان بوو میداڵی شەڕی من | چەندە شۆراوە بە خوێن شاپەڕی من |
| ئێستە بۆ وا ڕەبەن و داماوم؟ | من هەڵۆ، چاو لە دەمی قالاوم؟ |



Kurdishbookhouse.com

**٧-٢-** لێکدانەوەی شێوەیی (وجهی): هەڵۆ هەڵدەفڕێت بۆ ئەوەی لە تەمەنی‌کورت و مردن ڕزگار بێت.

هەڵفڕی ڕاوکەری زاڵی کەژ و کێو — لە چیای بەرزەوە ڕووی کردە نشێو
کەوتە ئەو دەشتە لە ترسا تەقوڕەو — دەرپەڕی کورکوڕ و کڕ مایەوە کەو
هاتە لای قەل بە کزی و بێ‌وازی — قەل کوتی: مامە هەڵۆ ناسازی؟
کوتی قالاوە ڕەشەی پسپۆڕم! — پیرم و پێیە لە لێوی گۆڕم
باخی ژینم بە خەزان ژاکاوە — کاتی مەرگە و ئەجەلیش ناکەوە
پێم بڵێ چۆنە کە تۆ هەر لاوی؟ — زۆر بە ساڵ پیری، بەڵام چا ماوی
هێزی ئەژنۆم نییە، باڵ بێ‌هێزە — هەموو گیانداری ژیان پارێزە

**٧-٣-** لێکدانەوەی تێپەڕ (متعدی): هەڵۆ ڕێگەی دەربازبوون لە مردن نابینێتەوە و لە بەرامبەر مردندا کۆڵ‌دەدات.

سا، کە ئەو کارە وەها ساکارە — مەرگە میوانی گەدا و خونکارە
هەوری ئاسمان بێ خەڵاتم باشە — یا لەشم خاشە بکێشن باشە؟

## ٨- بەرەودواییەکانی گێڕانەوە لە شیعری هەڵۆدا

**٨-١-** بەرەودوایی پەیمانی: لەم بەرەودواییەدا گرێبەستێک لە نێوان هەڵۆ و هەستی دەبەسترێت کە بەپێی ئەو گرێبەستە هەڵۆ دەبێت ڕێگەی ڕزگاری و دەربازبوون لە تەمەن‌کورتی و مردن ببینێتەوە.

**٨-٢-** بەرەودوایی جێبەجێکاری (بەڕێوبەری): لەم بەرەودواییەدا هەڵۆ ئەرکی خۆی بە دروستی بەڕێوە دەبات؛ بەڵام بەو سەرەنجامەی کە یارمەتیدەری هەرمانی بێت، تەواو نابێت.

**٨-٣-** بەرەودوایی دابڕان، یان جیاکەرەوە: لەم بەرەودواییەدا سەیری جووڵەی شیعری گێڕانەوەیی، لە نەرێنی بۆ ئەرێنییە. لەم گێڕانەوەیەدا ڕووداوێک دێتەئارا کە ئاخۆ هەڵۆ بۆ زیاترمانەوە و ڕزگاربوون لە مردن، ڕێگەچارەیەک دەبینێتەوە؟ بەم مەبەستە لەگەڵ قەلەڕەشە وتوویژ دەکات، تا ڕازی تەمەن‌درێژی ببینێتەوە. پێشنیاری قەلەڕەشە بۆ خواردنی کەلاکی تۆپیو بە هەڵۆ، هۆی ئەوەیە جارێکی تر هەڵۆ بۆ شوێنی خۆی بگەڕێتەوە و بە ژیانی پڕ لە سەروەری لە ئاسماندا درێژە بدات. لە ئاکامدا هەڵۆ بۆ وەدەستهێنانی ڕازی تەمەن‌درێژی هەر جۆرە کردەوەیەک کە هۆی سەرشۆڕی بێت، ئەنجام نادات. کەوایە بەم شێوەیە گێڕانەوە بۆ هەڵۆ بە سەربەرزی و خۆشی تەواو دەبێت. لەو شیعرەدا هەڵۆ ڕۆڵی بەڵێندەری پەیمان، تاکێک تاقی‌کراوەتەوە و بابەتی تاقی‌کردنەوەیە، دەستنیشان دەکرێت. قەلەڕەشە، ڕۆڵی دانەری پەیمان، بەرپرسی سەرەکیی بۆ تاقی‌کردنەوە، ناسراوە و ئەرکی هەڵسەنگاندن و داوەری لەسەر شانە.

پەیمان: هەڵۆ بەشوێن دیتنەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ تەمەن‌درێژی و ڕزگاربوون لە مردن، پەیمان دەبەستێت تا ئەو ڕێگەیە ببینێتەوە.

ئەزموون: دیتنەوەی ڕێگەچارەیەک، ئەزموونی هەڵۆیە کە بە پەیمانی ئەو تاقی‌دەکرێتەوە و ئەگەر هەڵۆ ڕێگەی ڕزگاربوون لە مردن ببینێتەوە، دەتوانێت درێژە بە ژیانی بدات. درێژەدان بە ژیان ئەگەر بوونی بێت، داوەری و جۆری بیرکردنەوە و بڕیاردانی خەڵک و دەرووبەری سەبارەت بە ئەوە.



Kurdishbookhouse.com

**٩- شرۆڤەی ڕوانگە و تەوسیف لە شیعری هەڵۆدا**

لە شیعری گێڕانەوەیی هەڵۆدا جیا لە پێکهاتەی گێڕانەوەیی، ئەو بابەتی شیاوی سەرنجدانە، بوونی بگێڕەوەکانە. «بگێڕەوەی کەسی سێیەم، بگێڕەوەی کەسی یەکەم». لە گێڕانەوەی ئەو شیعرەدا سەرەتا بگێڕەوەی کەسی سێیەم ڕۆڵی هەیە و بەسەرهات و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و لە دەرەوەی گێڕانەوەدا ڕووداوەکان بۆ خوێنەر باس دەکات. ئەو بگێڕەوە زۆرجار ڕاڤەکارە و خەریکی شی کردنەوەی بارودۆخ و هەڵسوکەوتی کەسایەتی چیرۆکە. سەرەتا پێگە و بارودۆخی کەسایەتی هەڵۆ بۆ خوێنەر شرۆڤە دەکات، پاشان جۆری بیرکردنەوەی ئەوان «خوێنەر» سەبارەت بە ئەوەی کە هەیە ڕوونکردنەوەی بۆ دەکات و دەیگێڕێتەوە. لە درێژەدا بە کەسایەتی هەڵۆ ئیزن دەدرێت تا بە وتوویژ، بۆچوونی سەبارەت بە ژیان و ئەوەی ڕوویداوە بۆ خوێنەر بگێڕێتەوە. تەواو لەو بەشەدایە کە گۆڕانی بگێڕەوە لە کەسی سێیەم بۆ کەسی یەکەم هەست دەکەین و هەر ئەو وتوویژە هۆکاری درێژبوونەوەی فۆرمی شیعرە کە گۆڕەپانی گێڕانەوەی چیرۆکە. لەم بەشەدا بوونی کەسی سێیەم کەم دەبێتەوە و کۆتایی پێ دێت. جگە لە ڕوانگە، توخم و بابەتێکی گرنگی تر تەوسیفێکە کە لە خزمەت دەقی گێڕانەوەیی دایە. تەوسیف، شێوازێک لە شێوازەکانی پەرەپێدانی گێڕانەوەیە و بە کاریگەری تەوسیف دەکرێت بە سەرنجدان بە سروشتی ماددی و کەسایەتییەکان ئەو ڕەوتە، واتە پەرەپێدانی گێڕانەوە بە باشی بەڕێوەبچێت (سمیعی،١٣٨٩: ١١٠).

شاعیر بە کەڵک‌وەرگرتن لە تایبەتمەندی و ڕەهەندەکانی دەرەوەیی و ڕواڵەتی کەسایەتی، وەک لەش و جووڵە بەستێن بۆ تەوسیفی دەروونی دەئافرێنێت. بێ‌گومان کارایی تەوسیفی کەسایەتی لە شیعردا کەمتر لە تەوسیفی ئەو لە پێکهاتەی چیرۆکی ئەورۆییە. هەروەها شاعیر بە کەڵک‌وەرگرتن لە تەوسیف باشتر دەتوانێت دۆخ و هێماکانی ڕواڵەتی کەسایەتی دیار و کاریگەری گێڕانەوە وێنا بکات، ئەو تەوسیفە جیاواز و جۆراوجۆرانە لە زەینی خوێنەر لە لای یەک جێ‌دەگرن و ڕواڵەتی کەسایەتی نیشان دەدرێت. شاعیر سەرەڕای تەوسیفی ڕواڵەتی کەسایەتی قەڵەڕەشە، بارودۆخ و پێگەی ژیانیشی دەناسێنێت و هەر ئەو بابەتەش هۆکارێکە تا هەڵۆ بۆ ڕاوێژ پەنای بۆ بەرێت. بە هاتنی هەڵۆ و تەوسیفێک کە لەسەر ئەو بابەتە ئاراستەکراوە - وتوویژی هەڵۆ و قەڵەڕەشە- تێڕوانینێک بۆ ناخی کەسایەتی دەکات و سەرنجدەداتە ئاکارێک کە لە ناخییەوە سەرچاوە دەگرێت. لەم بەشەدا قەڵەڕەشە دەرەتانی دەربڕینی کەسایەتی دەبێت، بەتایبەت کاتێک هەڵۆ بۆ قەرەاخ ئاوایی بانگهێشت دەکات و دەست بە خواردنی کەلاکی مندارەوەبوو دەکات - قەڵەڕەشە ناڕاستەوخۆ هەڵۆ هاندەدات بۆ خواردنی نەشیاو، تا هەڵۆ پەندی لێ‌وەربگرێت- هۆکارێکە تا ناخی شاراوە و باوەڕی دەروونی هەڵۆ پێناسە و دەرکەوێت.



Kurdishbookhouse.com

**١٠- ئەنجام**

بە لێکدانەوەی شیعری هەڵۆ و شرۆڤەی چەند بابەتێک وەک ڕوانگە و تەوسیف بەو ئەنجامە دەگەین سوارە بە پیڕەویی کردن لە شاعیرانی پێشوو لە هۆنینەوەی ئەو شیعرەدا لە توخمەکانی گێڕانەوەیی وەک ڕوانگە و تەوسیف کەڵکیوەرگرتووە. بوونی دەقی گێڕانەوەیی و سوودوەرگرتن لە توخمەکانی گێڕانەوە و تەڵەکەکانی چیرۆکی ئەو شیعری بەپێی ڕەخنەی پێکهاتەخوازەکان گرنگ و بەرز نواندووە. لە تاوتوێی ئەو شیعرەدا بەو ئەنجامە دەگەین شیعری هەڵۆ لەگەڵ پێکهاتەی گێڕانەوەیی و ڕوانگەی پێکهاتەخوازەکانی وەک گرێماس گونجاوە. ڕەوتی چیرۆک لەم شیعرەدا جووڵەکردن لە ئارامی سەرەتایی بەرەو لووتکە و پاشان گەڕانەوە بۆ ئارامییە. ئەم شیعرە گێڕانەوەییە خاوەن کەسایەتییەکە بە شێوەیەکی کارا، کارتێکەری لەسەر زەین و هەستی خوێنەر هەبێت. وتووێژ لەم شیعرەدا وەک دیارترین تایبەتمەندی چیرۆک دەناسرێت کە بە شێوازێکی ئەدەبی ئەنجام دراوە و ڕۆڵ و شوێن و پێگەی کەسایەتی هەڵۆ و قەڵەڕەشەی نواندووە و خوێنەر لە دژایەتی هزر و تێڕامانی هەر دوو کەسایەتی چیرۆک ئاگادار دەکاتەوە. لایەنی کۆمەڵایەتی قارەمانی چیرۆک ئەرێنییە و بە شێوەیەکی هونەری دەستنیشانکراوە. ژانری ئەدەبی هۆنراوەی هەڵۆ، ئەدەبیاتی فێرکاری لە جۆری هێماخوازییە.

لە دیمەنی سەرەتایی ئەو شیعرەدا بارودۆخێک زاڵە کە بەستێنی ڕووداوە جۆراوجۆرەکانە و لە بەشەی گێڕانەوەدا کەسایەتی چیرۆک پێناسە دەکرێت. هەڵۆ لەوەی پیربووە، خەمناکە و بە شوێن دیتنەوەی ڕێگەچارەیەک بو دەربازبوون لە مردن و تەمەنکورتییە، هێزێک کە هانیدەدات بۆ ئەنجامی ئەم کردەوەیە، هەستی دەروونی خۆیەتی. جووڵە و ڕەوتی چیرۆک لە بارودۆخی بەرامبەر و یەکسان تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێت و چارەنووسی کەسایەتی دەردەکەوێت. لە کۆتایی ئەم شیعرە گێڕانەوەییەدا هەڵۆ تەمەنی کورت و مردن لە ئاسمانی بەرین، بەسەر ژینی بەپەستی و سەرشۆڕی هەڵدەبژێرێت و بە خوێندنەوەی ئەم پەیام بەرزە کۆتایی بە ژیانی دێت:

| | |
|---|---|
| ژینی کورت و بە هەڵۆیی مردن | نەک پەنا بۆ قەلی ڕووڕەش بردن |
| «لای هەڵۆی بەرزە فڕی بەرزەمژی | چۆن بژی خۆشە[1] نەوەک چەندە بژی» |

١. ئەم باڵە ئاواش هاتووە: «چۆن بژی شەرتە...».



Kurdishbookhouse.com

## The Study of Swara's poem Eagle based on Structuralism (Based on Grimas' theory)

**Jafar Qahramani**[1]

### Abstract

The use of narrative in poetic language has been common since long ago, and narrative as an integral and important part of ancient texts has been used in texts such as the Iliad and Odyssey of Homer and inscriptions Gilgamesh. In this study, the history of structuralism will be discuss briefly, and then considering the views of the famous structuralist author, Greimas, the structure of the narrative poem "The Eagle", written by Suwara Ilkhanizada would be analyzed. In this poem, given the narrative basis, both elements of "narrative" and "narrator" are there. This paper seeks to closely investigate these elements. The influence of Structuralism on literary criticism research in this era can be seen clearly. "The Eagle" including images, opposing views and conflicting advices, turns its attention to the ideal world of man and introduces it as a great value. In this poem eagle, raven, ethics, nature, and a contradictory situation are talked about. In an indirect way, it attracts the readers' mind, and compels them to think. The flow of the story moves from initial relief to the climax, and finally returns to peace. This story, actively affects the mind and soul of the reader. The dialogues follow a literary style of writing. The roles, positions, and characters of eagle and raven are represented in a way that the reader understands the story of the two characters' opposing ideas and views. The social aspect of the protagonist is positive, and it is depicted in an artistic way. "The Eagle" is a didactic piece of poetry, and a kind of allegory.

**Keywords**: The Eagle; Structuralism ;Narrative poem

[1] ghahjefer@gmail.com



Kurdishbookhouse.com

**منابع فارسی**


ئیلخانیزاده، سواره (١٣٨٨)، ***خەوەبەردینە***. چاپی یەکەم، سلێمانی: ئازادی.

احمدی، بابک (١٣٨٠)، ***ساختار و تأویل متن***، چاپ یازدهم، تهران: مرکز.

اخوت، احمد (١٣٧١)، ***دستور زبان داستان***، اصفهان: فردا.

اسکولز، رابرت (١٣٧٧)، ***عناصر داستان***، ترجمەی فرزانه طاهری، تهران: مرکز.

__________، (١٣٨٣)، ***درآمدی بر ساختارگرایی در ادبیات***، ترجمەی فرزانه طاهری، تهران: آگه.

بالایی، کریستف؛ کوییپرس، میشل(١٣٦٦)، ***سرچشمەهای داستان کوتاه***، ترجمەی احمد کریمیحکاک، تهران: پاپیروس.

پراپ، ولادیمیر (١٣٨٦)، ***ریختشناسی قصەهای پریان***، ترجمەی فریدون بدرەای، تهران: مرکز.

تودوروف، تزوتان (١٣٨٢)، *بوطیقای ساختارگرا*، ترجمەی محمد نبوی، چاپ دوم، تهران: آگه.

سیدحسینی، رضا (١٣٨٧)، ***مکتبهای ادبی***، چاپ چهارم، تهران: نگاه.

فورستر، ادواردمورگان (١٣٨٤)، ***جنبەهای رمان***، ترجمەی ابراهیم یونسی، چاپ پنجم، تهران، نگاه.

مستور، مصطفی (١٣٨٧)، ***مبانی داستان کوتاه***، چاپ دوم، تهران: مرکز.

مکاریک، ایرناریما (١٣٨٤)، ***دانشنامه نظریه ادبی معاصر***، ترجمەی م. مهاجر و محمد نبوی، تهران: آگه.

مکارک، رابرت (١٣٨٣)، ***داستان***، ترجمەی محمد گذرآبادی، تهران: هرمس.

میرصادقی، جمال (١٣٨٥)، ***عناصر داستان***، چاپ چهارم، تهران: سخن.

________، (١٣٨٦)، ***ادبیات داستانی***، چاپ چهارم، تهران: سخن.

ناتلخانلری، پرویز *(١٣٨٧)*، ***ماه در مرداب***، چاپ چهارم، *تهران: معین.*

*والاس، مارتین (١٣٨٢)، نظریەهای روایت*، ترجمه محمد شهبازی، *تهران: هرمس.*

یوسفی، غلامحسین (١٣٧١)، ***چشمه روشن***، چاپ چهارم، تهران: علمی.

یونسی، ابراهیم (١٣٨٨)، ***هنر داستاننویسی***، چاپ دهم، تهران: نگاه




Kurdishbookhouse.com